کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 12:15 9-5-2007

## ئەم جارەش قەلە ڕەشەكانی مەرگ هەولێریان ڕەشپۆش كرد ... تاریق ئەحمەد



لە سپێدەیەكی خامۆشدا كاتێك منالآن بەرەو قوتابخانەكانیان ئەچون و مامۆستاو فەرمانبەر و كرێكار و خاوەن دوكان و خاوەن پیشەكان بەرەو كارو فەرمانەكانیان ئەچون شەمشەمە كوێرەكانی تاریكستانی جەهالەت خامۆشی شاریان شێوان بە تەقاندنەوەی كامیۆنێكی پڕ لە تەقەمەنی لەسەر شەقامی شەست مەتری لەپێش بارەگای وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەمە نەیەكەم جارە و نە دواهەمین جارە كە هەولێر بكەوێتە بەر هێرشی تیرۆرستان و بەرگی ڕەشی پێبپۆشن هەردوێنێ بوو لەیەكی شوباتدا دەیان منالّیان هەتیو كرد و جەرگی دایكانیان سوتاند و چەندین خوشكیان ڕەشپۆش كرد و چەندین ژنیان دابڕان لە هاوسەرەكانیان بۆ هەتاهەتایی، شێخ زاناكان چاویان بەو ئارامی و هێمنیەی ئەم بەشە ئازادكراوە هەڵنایە بۆیە لەمێژە لەهەوڵدان كە ئەم ئارامیە بشێوێنن بە هاوكاری ئەڵقە لە گوێكانیان و زۆڵە كوردەكان و سەماكەرەكانی سەر مێزی دوژمنان، بەڵێ زامەكانی وڵاتی كورد سارێژ نەبو بو زامێكی تریان لە جەستەی ئەم وڵاتە نەخشان، بەڵام با ئەو ترۆیانە باش بزانن ئەم میللەتە دەست بەرداری مافەكانی نابێت و ملكەچی تیرۆرو تیرۆرستان نابێت ئەنجامی ئەوانیش وەك ترۆكانی پێشتریان هەر بەسزاگەندنیانە و ڕسوا كرنیانە لە هەردوو دنیادا و هەولێریش هەنگاوەكانی بەگورتر ئەكات بۆ ئاوەدانی، بمری تیرۆر بمری بەكری گیراوانی دوژمنان و چاوساغەكانی بەچكە ئەهریمەنەكان، سلاو لە شەهیدانی ئەم كارەساتە و گشت شەهیدانی كوردستان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.